بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الَر كِتَابٌ أُحْكِمَتْ آيَاتُهُ ثُمَّ فُصِّلَتْ مِن لَّدُنْ حَكِيمٍ خَبِيرٍ (1)

(الر) لەسەرەتای سورەتی (البقرة)دا ڕاڤە کراوە.

ئەم قورئانە (لەو پیتانە پێك هاتووە)، ئایەت و یاساکانی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دانراون، پاشان درێژەیان پێدراوەو ڕوون کراوەتەوە لەلایەن زاتێکەوە کە زۆر داناو ئاگادارو لێزانە.

أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنَّنِي لَكُم مِّنْهُ نَذِيرٌ وَبَشِيرٌ (2)

(گرنگترین پەیامی ئەوەیە کە): جگە لەخوا کەس مەپەرستن، وە من (واتە محمد صلى الله عليه وسلم) لەلایەن خواوە بێدارخەرەوەو مژدەدەرم پێتان.

وَأَنِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُمَتِّعْكُم مَّتَاعًا حَسَنًا إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى وَيُؤْتِ كُلَّ ذِي فَضْلٍ فَضْلَهُ وَإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ كَبِيرٍ (3)

خەڵکینە داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن، لەوەودوا بگەڕێنەوە بۆلای، بەچاکی درێژە بە ژیانتان دەدات تا کاتێکی دیاریکراو، وە پاداشتی چاکەو خواناسی هەموو کەس بەزیادەوە دەداتەوە، خۆ ئەگەر (ئەو خەڵکە) پشت هەڵکەن و گوێڕایەڵی فەرمانی خوا نەبن، ئەوا من دەترسم کە تووشی سزای ڕۆژێکی گەورە ببن (کە ڕۆژی قیامەتە، یا ئەو ڕۆژەی خوای گەورە لەناوتان دەبات).

إِلَى اللّهِ مَرْجِعُكُمْ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (4)

(دڵنیا بن کە) گەڕانەوەتان بۆلای خوایە، وە ئەو زاتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

أَلا إِنَّهُمْ يَثْنُونَ صُدُورَهُمْ لِيَسْتَخْفُواْ مِنْهُ أَلا حِينَ يَسْتَغْشُونَ ثِيَابَهُمْ يَعْلَمُ مَا يُسِرُّونَ وَمَا يُعْلِنُونَ إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (5)

ئاگاداربن، ئەو (خوانەناسانە) خۆیان دادەنەوێنن، وا دەزانن بەوە خۆیان لە خوای گەورە دەشارنەوە، ئاگاداربن کە خوا ئاگای لێیانە کاتێ دەچنە ناو جێگەوەو خۆیان دادەپۆشن، ئەوجا هەر دەزانێ چی دەشارنەوەو چی ئاشکرا دەکەن (لە کردارو گوفتارو نیەتیان) چونکە بەڕاستی ئەو خوایە زۆر زانایە بەوەی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشار دراوە.

وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُّبِينٍ (6)

هەرچی زیندەوەرێك هەیە لەم زەویەدا ڕزق و ڕۆزیەکەی لەسەر خوایەو (بڕیاری داوە بژێوی بۆ دابین بکات) وە ئاگادارە بە شوێنی حەوانەوەو شوێنی پێش بوونیان، هەموو (شتێک) تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرادا (لوح المحفوظ)دا.

وَهُوَ الَّذِي خَلَق السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاء لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا وَلَئِن قُلْتَ إِنَّكُم مَّبْعُوثُونَ مِن بَعْدِ الْمَوْتِ لَيَقُولَنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ (7)

ئەو خوایە ئاسمانەکان و زەوی لەماوەی شەش ڕۆژدا دروستکردووە، تەختی فەرمانڕەوایەتی (کە دروستکراوێکی نهێنی زۆر گەورەو شکۆمەندە) لە سەر ئاو بوو، تا تاقیتان بکاتەوە کە کێتان کاری چاکتر ئەنجام دەدات
(فەرمانبەردارێکی چاکە)، ئەوانەی بێ باوەڕن دەڵێن: ئەم قسەو باسە جادویەکی ئاشکرایە.

وَلَئِنْ أَخَّرْنَا عَنْهُمُ الْعَذَابَ إِلَى أُمَّةٍ مَّعْدُودَةٍ لَّيَقُولُنَّ مَا يَحْبِسُهُ أَلاَ يَوْمَ يَأْتِيهِمْ لَيْسَ مَصْرُوفًا عَنْهُمْ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُواْ بِهِ يَسْتَهْزِئُونَ (8)

خۆ ئەگەر سزادانیان دوابخەین تا چەند کاتێکی دیاریکراو، (بەگاڵتەوە) دەڵێن: چی ئەو سزایەی دواخستووە، کوا؟ بۆ پێش نایەت؟ ئاگاداربن ئەو ڕۆژە یەخەیان پێ دەگرێ، کەسیان لێ دەرباز نابێ و لە کۆڵیان ناکرێتەوە، وە ئەو سزایەی کە ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد دەیانگرێتەوە.

وَلَئِنْ أَذَقْنَا الإِنْسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَؤُوسٌ كَفُورٌ (9)

ئەگەر ئادەمیزادمان تووشی خێرو خۆشی و ئاسوودەی کرد، لەوەودوا (بۆ تاقیکردنەوەی) لێمان سەندەوە دەبینی ئەو کەسە نائومێدو بێ هیواو سوپاس ناپەزێرە (قسەو گوفتاری بۆنی) کوفرو خوانەناسی لێ دێ.

وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاء بَعْدَ ضَرَّاء مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ (10)

خۆ ئەگەر دوای ئەو تەنگانەو ناخۆشییەی کە تووشی بووە خستمانە ناو خۆشی و نازو نیعمەتەوە، بێگومان دەڵێ: ئیتر هەرچی هەژاری و ناخۆشیە لە کۆڵم بۆتەوەو بەسەر چووە، دەبینی زۆر خۆشحاڵەو شانازی بە خۆیەوە دەکات و لە خۆی بایی دەبێ.

إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ أُوْلَئِكَ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ (11)

جگە لەو کەسانەی کە خۆگرو ئارمگرن و کارو کردەوەی چاکە ئەنجام دەدەن (وە لە خۆشی وناخۆشیدا سروشتی خواناسیان ناگۆڕێ) بۆ ئەوانە لێ خۆشبوون و پاداشتی زۆرو فراوان ئامادەیە.

فَلَعَلَّكَ تَارِكٌ بَعْضَ مَا يُوحَى إِلَيْكَ وَضَآئِقٌ بِهِ صَدْرُكَ أَن يَقُولُواْ لَوْلاَ أُنزِلَ عَلَيْهِ كَنزٌ أَوْ جَاء مَعَهُ مَلَكٌ إِنَّمَا أَنتَ نَذِيرٌ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ وَكِيلٌ (12)

لەوانەیە تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) واز بێنی لە هەندێ لەو باسانەی کە بە (وەحی) بۆت ڕەوانە کراوە، وە دڵتەنگ و سەغڵەت بیت بەوەی کە دەڵێن: ئەوە بۆ گەنجینەیەك (لە زێڕو زیو) بۆی دانابەزێ، یا فریشتەیەک (بۆ گەیاندنی پەیامەکە) لەگەڵیا نابێ، (تۆ خەفەت مەخۆ) چونکە تۆ تەنها بێدارخەرەوەی وە خوا خۆی ئاگادارە لە هەموو شتێك و (حسابیان بۆ دەکات).

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ فَأْتُواْ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِ مُفْتَرَيَاتٍ وَادْعُواْ مَنِ اسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ اللّهِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (13)

(بێ باوەڕان) دەڵێن: (ئەم قورئانە) خۆی هەڵێ بەستووە، پێیان بڵێ: دە ئێوەش دە سورەت وێنەی ئەم قورئانە بێنن وە هەرکەس لە خوای گەورە بەدەر، دەتوانن بانگی بکەن (بۆ هاوکاریتان پەنای بۆ بەرن) ئەگەر ڕاست دەکەن.

فَإِن لَّمْ يَسْتَجِيبُواْ لَكُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا أُنزِلِ بِعِلْمِ اللّهِ وَأَن لاَّ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ (14)

خۆ ئەگەر (خوانەناسان) نەهاتن بەدەم ئەم داوایەتانەوە ئەوە ئیتر چاک بزانن و دڵنیا بن کە بەڕاستی ئەم قورئانە بە ئاگاداری خوای گەورە دابەزیوەو ئەو پێی

دەزانێ، جگە لەویش خوایەکی تر نیە، ئایا ئێوە (ئەی بێ باوەڕان) موسوڵمان دەبن و باوەڕ دەکەن؟

مَن كَانَ يُرِيدُ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَالَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لاَ يُبْخَسُونَ (15)

هەرکەسێ تەنیا ژیانی دنیاو ڕازاوەیی و (خۆشگوزەرانی) یەکەی بوێ، پاداشتی هەوڵ و کۆششی ئەو جۆرە کەسانە دەدەینەوە، وە ئەوانە لە دنیادا مایەپوچ نابن.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِي الآخِرَةِ إِلاَّ النَّارُ وَحَبِطَ مَا صَنَعُواْ فِيهَا وَبَاطِلٌ مَّا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (16)

(بەڵام) ئەوانە لە ڕۆژی دوایی دا جگە لە ئاگری دۆزەخ هیچی تریان دەست ناکەوێت، وە هەوڵ و کۆششەکەیان (کە تەنها بۆ دنیا بووەو باوەڕیان بە قیامەت نەبووە) پوچەڵ و بێ نرخە، هەروەها کاروکردەوەیان بەتاڵ و بۆشە.

أَفَمَن كَانَ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِ وَيَتْلُوهُ شَاهِدٌ مِّنْهُ وَمِن قَبْلِهِ كِتَابُ مُوسَى إَمَامًا وَرَحْمَةً أُوْلَئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِ وَمَن يَكْفُرْ بِهِ مِنَ الأَحْزَابِ فَالنَّارُ مَوْعِدُهُ فَلاَ تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّنْهُ إِنَّهُ الْحَقُّ مِن رَّبِّكَ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يُؤْمِنُونَ (17)

(ئایا ئەو جۆرە کەسانەی کە باسکران) وەکو ئەو کەسە وایە کە لەلایەن پەروەردگاریەوە هەموو شتێکی بۆ ڕوون کراوەتەوە، (ئەمیش باوەڕی پێیەتی چونکە) پێغەمبەرێك بەڵگە نامەی خوا دەخوێنێتەوە، وە لە پێش ئەمیشەوە پەیامەکەی موسا (علیه السلام، کە تەوراتە) پێشەواو ڕەحمەت بووە، ئەو جۆرە کەسانەی (کە ژیرو هۆشمەندن) باوەڕی پێ دێنن، ئەو دەستەو کۆمەڵانەی کە باوەڕ بەم (پەیامە) ناکەن ئەوە ئاگری دۆزەخ چاوەڕێیانە، نەکەی تۆ بەگومان بیت لەم قورئان و لەم پەیامە، چوبکە بەڕاستی ئەوە حەقیقەتو لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت (ڕەوانە کراوە)، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی باوەڕ ناهێنن.

وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللّهِ كَذِبًا أُوْلَئِكَ يُعْرَضُونَ عَلَى رَبِّهِمْ وَيَقُولُ الأَشْهَادُ هَؤُلاء الَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَى رَبِّهِمْ أَلاَ لَعْنَةُ اللّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ (18)

کێ لەوە ستەمکاترە کە درۆ بەناوی خواوە هەڵببەستێ (بەوەی کە بڵێ خوا هاوەڵ یا کوڕی هەیە) ئەوانە نیشانی پەروەردگاریان دەدرێن، وە شاهیدەکانی

قیامەت کە فریشتەو پێغەمبەران و بانگخوازانن دەڵێن ئەمانە درۆیان هەڵبەست بۆ پەروەردگاریان، ئاگادار بن نەفرەتی خوا لە ستەمکارانە.

الَّذِينَ يَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا وَهُم بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ (19)

ئەوانەی بەرهەڵستی پەیامەی خوا دەکەن، وە دەیانەوێت لاری بکەنەوە بەهەڵە بیان ناسێنن بە خەڵکی ئەوانە بۆیە وا دەکەن چونکە بڕوایان بە ڕۆژی دوایی نیە.

أُولَئِكَ لَمْ يَكُونُواْ مُعْجِزِينَ فِي الأَرْضِ وَمَا كَانَ لَهُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء يُضَاعَفُ لَهُمُ الْعَذَابُ مَا كَانُواْ يَسْتَطِيعُونَ السَّمْعَ وَمَا كَانُواْ يُبْصِرُونَ (20)

ئەوانە ناتوانن لە زەویدا لەدەستی خوا دەرچن، خوایش دۆستیان نیە، کەس فریایان ناکەوێت، سزایان بۆ چەند بەرابەر دەکرێ، ئەوانە لە دنیادا ئەوەندە ڕقیان لە حەق و ڕێگەی خوا بوو نەیان دەتوانی گوێ بگرن و ڕاستی ببینن.

أُوْلَئِكَ الَّذِينَ خَسِرُواْ أَنفُسَهُمْ وَضَلَّ عَنْهُم مَّا كَانُواْ يَفْتَرُونَ (21)

ئەمانە ئەوانەن کە خۆیان فەوتان، وە ئەو باس و درۆیانەی کە لە دنیادا دەیانکرد لێیان ون بوو.

لاَ جَرَمَ أَنَّهُمْ فِي الآخِرَةِ هُمُ الأَخْسَرُونَ (22)

گومانی تیا نیە کە ئەوانە لە قیامەتدا زۆر فەوتاوو خەسارەتمەندن.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَخْبَتُواْ إِلَى رَبِّهِمْ أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ (23)

بەڕاستی ئەوانەی باوەڕیان هێناوە بەخوای گەورەو ڕاستی بەرنامەکەی وە کردەوەی چاکیشیان ئەنجامداوە، وە گەڕاونەتەوە بۆلای پەروەردگاریان و ملکەچن لەبەرانبەر فەرمانەکانی ئەوانە خاوەن و نیشتەجێی بەهەشتن و بە هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە.

مَثَلُ الفَرِيقَيْنِ كَالأَعْمَى وَالأَصَمِّ وَالبَصِيرِ وَالسَّمِيعِ هَلْ يَسْتَوِيَانِ مَثَلاً أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ (24)

وێنەی ئەم دوو كۆمەڵە (كۆمەڵی ئیمانداران و كۆمەڵی بێباوەڕان) وەک كوێرو كەڕ، چاوساغ و بیسەر وایە، ئایا ئەم دوانە وێنەیان وەک یەكە، ئەوە بۆ بیر ناكەنەوە؟!

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ (25)

بەڕاستی نوحمان نارد بۆلای قەوم و خزمەكانی ئەویش پێی وتن، بێگومان من بۆ ئێوە داچڵەكێنەرێكی ئاشكرام (ئەگەر لە فەرمانی خوا دەرچن تووشی سزا دەبن).

أَن لاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ (26)

(پێویستە) جگە لە خوا (كەس و هیچی تر) نەپەرستن، چونكە من بەڕاستی دەترسم سزای ڕۆژێكی بەئێش یەختان پێ بگرێت.

فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قِوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ (27)

ئەمجا بەناو پیاوماقوڵانی هۆزی نوح ئەوانەیان بێ باوەڕ بوون وتیان: ئێمە تۆ تەنها تۆ وەک یەكێك لە خۆمان دەبینین، وە نابینین ئەوانەی شوێنی تۆ كەوتون جگە لەوانەی كە هەژارو بێ كەسن و دوور بین نین و ژیریان كەمە، نابینین ئێوە هیچ شتێكی زیاترتان لە ئێمە هەبێت، بەڵكو ئێمە وا گومان دەبەین درۆزنن.

قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّيَ وَآتَانِي رَحْمَةً مِّنْ عِندِهِ فَعُمِّيَتْ عَلَيْكُمْ أَنُلْزِمُكُمُوهَا وَأَنتُمْ لَهَا كَارِهُونَ (28)

نوح وتی ئەی خزمەكانم ئایا كە بینیتان من لەسەر ڕێگەو بەرنامەیەكی ڕاست و دروستم لەلایەن پەروەردگامەوە، وە خێرو چاكەو بەزەیی خۆی پێ بەخشیوم لەلایەن خۆیەوە، ئەمانە لە ئێوە شاراوەتەوەو نایبینن؟!

(ئیتر چیتان لێ بكەم)، ئایا بەزۆر ئیمان لە دڵتانا دروست بكەین و بتانخەینە سەر ئەم ڕێگەیە لەكاتێكدا كە ئێوە لێی بێزارن و خوازیاری نین؟!

وَيَا قَوْمِ لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ مَالًا إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى اللّهِ وَمَآ أَنَاْ بِطَارِدِ الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّهُم مُّلاَقُو رَبِّهِمْ وَلَكِنِّيَ أَرَاكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ (29)

ئەی خزمەکانم لەبری ئەم بانگەوازو ئامۆژگاریانەم داوای هیچ ماڵ و خەرجیتان لێ ناکەم کرێ و پاداشتم تەنها لای خوایە، ومن هەرگیز ئیمانداران لەخۆم دوور ناخەمەوەو دەریان ناکەم، ئەوانە ئەگەن بە خوای خۆیان و حیسابیان لای خوایە بەڵام بەڕاستی من ئێوە ئەبینم هۆزێکن خۆتان گێل و نەفام دەکەن (بەوەی بەکەم، سەیری ئیماندارانی دەوری من دەکەن لەبەر بێ کەسی و هەژارییان).

وَيَا قَوْمِ مَن يَنصُرُنِي مِنَ اللّهِ إِن طَرَدتُّهُمْ أَفَلاَ تَذَكَّرُونَ (30)

ئەی خزمەکانم کێ دەتوانێ یارمەتیم بدات بەرامبەر خوای گەورە (لە سزای خوا بمپارێزێ) ئەگەر ئەو ئیماندارو دۆستانەی خوام دەرکردو لەخۆم دوورم خستنەوە ئایا بیر ناکەنەوە (کە شتی وا ناشێ و دروست نیە بۆ یەکێ خوا بناسێ).

وَلاَ أَقُولُ لَكُمْ عِندِي خَزَآئِنُ اللّهِ وَلاَ أَعْلَمُ الْغَيْبَ وَلاَ أَقُولُ إِنِّي مَلَكٌ وَلاَ أَقُولُ لِلَّذِينَ تَزْدَرِي أَعْيُنُكُمْ لَن يُؤْتِيَهُمُ اللّهُ خَيْرًا اللّهُ أَعْلَمُ بِمَا فِي أَنفُسِهِمْ إِنِّي إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ (31)

من ناڵێم پێتان خەزێنەرو ڕۆزیی خوایی لای منە، وە من شتی نادیارو غەیبی نازانم، وە من ناڵێـم من فریشتەم، وە من هەرگیز ناڵێم بەو ئیماندارانەی لەبەر چاوی ئێوە کەم نرخن، خوای گەورە خێریان بەسەردا نارژێنێت، خوا خۆی ئاگادارترە چی لە دەروونیاندا هەیەو گەر وا بکەم دەچمە ڕیزی ستەمکارانەوە.

قَالُواْ يَا نُوحُ قَدْ جَادَلْتَنَا فَأَكْثَرْتَ جِدَالَنَا فَأْتَنِا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (32)

وتیان بەڕاستی ئەی نوح زۆر لەسەری چوویت و زیاد لە پێویست بەربەرەکانی و شەڕە قسەت لەگەڵا کردین دەی بۆمان بێنە ئەو سزایەی هەڕەشەی پێ دەکەیت و هەمیشە باسی دەکەیت و ئەمان ترسێنی پێی ئەگەر تو لە ڕاستگۆیانی.

قَالَ إِنَّمَا يَأْتِيكُم بِهِ اللّهُ إِن شَاء وَمَا أَنتُم بِمُعْجِزِينَ (33)

نوح لەوەڵامدا وتی ئەوە بەدەست خوایەو ئەو بۆتان پێش دێنێ هەرکات بیەوێ، وە ئێوە ناتوانن لەدەستی دەرچن.

وَلاَ يَنفَعُكُمْ نُصْحِي إِنْ أَرَدتُّ أَنْ أَنصَحَ لَكُمْ إِن كَانَ اللّهُ يُرِيدُ أَن يُغْوِيَكُمْ هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (34)

وا دیاره ئامۆژگاری و دڵسۆزیم بۆتان بێ سووده، هەمیشه ویستوومه ئامۆژگاریتان بکەم و ڕێگەی ڕاستتان نیشان بدەم، ئەو زاته پەروەردگارتانه گەر بیەوێت بتانفەوتێنێت (زۆر لای ئاسانه) هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێنەوه.

أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي وَأَنَاْ بَرِيءٌ مِّمَّا تُجْرَمُونَ (35)

(بێ باوەڕانی مەککه) دەڵێن: ئەم باس و بابەتانه (محمد صلی الله علیه وسلم) خۆی دروستی دەکات و هەڵی دەبەستێت، بڵێ: گەر وابێت تاوانەکەی لەسەر خۆمه، وه من دوورەپەرێزم له تاوانەکان.

وَأُوحِيَ إِلَى نُوحٍ أَنَّهُ لَن يُؤْمِنَ مِن قَوْمِكَ إِلاَّ مَن قَدْ آمَنَ فَلاَ تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ (36)

(سەرئەنجام) وەحی و پەیامی خوا ڕەوانەکرا بۆ نوح که چاك بزانه کەسی تر بڕوا ناهێنێ جگه لەوەی که لەمەوبەر بڕوای هێناوه، خەفەتبار مەبه بەو کردەوه ناشرین و ناپەسەندانەی ئەنجامی دەدەن.

وَاصْنَعِ الْفُلْكَ بِأَعْيُنِنَا وَوَحْيِنَا وَلاَ تُخَاطِبْنِي فِي الَّذِينَ ظَلَمُواْ إِنَّهُم مُّغْرَقُونَ (37)

کەشتییەك دروست بکه به چاودێری و فەرمانی ئێمه، کاتی تۆفانەکه نەکەیت تکا بکەیت بۆ ئەوانەی له سنووری ڕاستی دەرچوون و تاوانبارن، چونکه ئەوانه خنکاوو تیاچوون.

وَيَصْنَعُ الْفُلْكَ وَكُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ مَلأٌ مِّن قَوْمِهِ سَخِرُواْ مِنْهُ قَالَ إِن تَسْخَرُواْ مِنَّا فَإِنَّا نَسْخَرُ مِنكُمْ كَمَا تَسْخَرُونَ (38)

(نوح) دەستی کرد به دروستکردنی کەشتیەکه، هەرجارێ تاقمێ له هۆزەکەی بڕۆشتنایه بەلایدا گاڵتەیان پێ دەکرد، (نوح) وتی: ئەگەر ئێستا ئێوه گاڵته به ئێمه دەکەن، ئەوا ئێمەش (ڕۆژێك دێت) گاڵته به ئێوه بکەین وەك چۆن ئێوه گاڵته به ئێمه دەکەن.

فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَيَحِلُّ عَلَيْهِ عَذَابٌ مُّقِيمٌ (39)

له داهاتوودا بۆتان دەردەکەوێت کێ سزایەکی پێ دەگات که سەرشۆڕی بکات، پاشان له قیامەتدا دووچاری سزایەکی بەردەوام و هەمیشه دەبێت.

حَتَّى إِذَا جَاء أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلاَّ مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلاَّ قَلِيلٌ (40)

(ئەم كێشەیە بەردەوام بوو) هەتا بڕیار هات و فەرمان دەرچوو (بە لەناوبردنی بێ باوەڕەكان) وە لە تەنورە پڕ لە ئاگرەكەوە ئاو فوارەی كرد (كە ئەوە نیشانەی تۆڵە خواییەكە بوو)، وتمان (ئەی نوح) لە هەموو نێرو مێیەك دوان هەڵگرە لە كەشتیەكەداو ماڵ و خێزانت جگە لەوانەی كە بڕیارە تووشی تۆڵە ببن بە هۆی بێ باوەڕیانەوە، (شایانی باسە) كەس بڕوای بە نوح نەكرد و لەگەڵیان نەبوو جگە لە كەسانێكی كەم نەبێت.

وَقَالَ ارْكَبُواْ فِيهَا بِسْمِ اللّهِ مَجْرَاهَا وَمُرْسَاهَا إِنَّ رَبِّي لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ (41)

نوح وتی: سوار بن و بڕۆنە ناو كەشتیەكەوە، بەناوی خواوەیە ڕۆشتنی و وەستانی، بێگومان پەروەردگارم زۆر لێخۆشبووەو زۆر بە بەزەییە (بەرانبەر ئێمەی ئیماندار).

وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلاَ تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ (42)

ئینجا كەشتیەكە دەیبردن بەناو شەپۆلی وەك چیادا، نوح بانگی كردە كوڕەكەی (ئەوەیان كە بێ باوەڕ بوو) لە شوێنێكدا گیری خواردبوو پێی وت: ڕۆڵە گیان، لەگەڵ ئێمەدا سواربەو لەگەڵ بێ باوەڕندا مەبە.

قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاء قَالَ لاَ عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ (43)

كوڕەكە وتی: پەنا ئەبەمە لای ئەو چیایە دەمپارێزێ لەم تۆفان و ئاوە، (نوح) وتی: ئەمڕۆ پەنا نیە بەرامبەر فەرمانی خوا مەگەر یەكێ خوا خۆی ڕەحمی پێ بكات (دوای ئەم وت و وێژە) شەپۆلی ئاو دای بە نێوانیانداو چووە ڕیزی خنكاوانەوە.

وَقِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءكِ وَيَا سَمَاء أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاء وَقُضِيَ الأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ وَقِيلَ بُعْداً لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ (44)

ئەنجا وترا بە زەوی ئەو ئاوەی لەسەرتە هەڵی لووشە، ئەی ئاسمان تۆش بابەس بێ و باران مەبارێنە، ئیتر ئاوەكە ڕۆچوو، فەرمان بەڕێكی و تەواوی ئەنجام

درا، کەشتیەکەش لەسەر کێوی جودی (کە لە کوردستانی تورکیایە) وەستاو لەنگەری گرت، وە وێژرا: دەک دووری خواو تیاچوون بۆ بەرەی تاوانباران و ستەمکاران.

وَنَادَى نُوحٌ رَّبَّهُ فَقَالَ رَبِّ إِنَّ ابُنِي مِنْ أَهْلِي وَإِنَّ وَعْدَكَ الْحَقُّ وَأَنتَ أَحْكَمُ الْحَاكِمِينَ (45)

نوح هاواری لێ بەرزبوویەوە بۆلای خواو وتی: ئەی پەروەردگارم کوڕەکەم لە خێزانی من بوو، بێگومان پەیمانی تۆش ڕاستەو (کاتی خۆی فەرمووت خێزانی تۆ ڕزگارن لە تیاچوون)، تۆ زاناترین و دادپەروەرترینی فەرمان ڕەوایانی.

قَالَ يَا نُوحُ إِنَّهُ لَيْسَ مِنْ أَهْلِكَ إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ فَلاَ تَسْأَلْنِ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنِّي أَعِظُكَ أَن تَكُونَ مِنَ الْجَاهِلِينَ (46)

خوای گەورەش فەرمووی: ئەی نوح ئەو کوڕەت لە خێزانی تۆ نیە، (ئەو ڕەخنەگرتنەت) کردەوەیەکی چاک نیە، داوای شتێ مەکە کە کردەوەیەکی دەربارەی نیە، من ئامۆژگاریت دەکەم کارێک نەکەیت خۆت بخەیتە ڕیزی نەفامانەوە.

قَالَ رَبِّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَسْأَلَكَ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَإِلاَّ تَغْفِرْ لِي وَتَرْحَمْنِي أَكُن مِّنَ الْخَاسِرِينَ (47)

(ئینجا نوح) وتی: ئەی پەروەردگارم پەنا دەگرم بەتۆ داوای شتێ بکەم زانیاریم پێی نەبێت، ئەگەر لێم خۆش نەبیت و بەزەییت پیاما نەیەتەوە دەچمە ڕیزی خەسارەتمەندانەوە.

قِيلَ يَا نُوحُ اهْبِطْ بِسَلاَمٍ مِّنَّا وَبَرَكَاتٍ عَلَيْكَ وَعَلَى أُمَمٍ مِّمَّن مَّعَكَ وَأُمَمٌ سَنُمَتِّعُهُمْ ثُمَّ يَمَسُّهُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (48)

(ئەوسا لەلایەن خوای گەورەوە) وترا ئەی نوح وەرە خوارەوەو دابەزە لە کەشتیەکەو لە چیای جودی بۆ دەشتایی، بە بێوەیی و سەلامەتی لەلایەن ئێمەوە، بەرەکەت لەسەر تۆو ئەو کۆمەڵ و خەڵکانەی لەگەڵتان، خەڵکانێکیش دوایی دێن و لەنازو نیعمەت بەهرەوەریان دەکەین، پاشان (بەهۆی لاری و بێ باوەڕیانەوە) سزای بەسوێیان توش دەبێت لە لایەن ئێمەوە.

تِلْكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ (49)

ئەم باسانە بۆمان کردی لە هەواڵە نادیارەکانە، نە تۆ دەتزانی و نە هۆزو نەتەوەکەشت پێش ئەم باسەی ئێمە، خۆگرو بە ئارامبە پاشەڕۆژ بۆ خواناسان و پارێزکارانە.

وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ مُفْتَرُونَ (50)

بۆلای هۆزی (عادیش)، (هود)مان نارد، کە لە نەتەوەو خزمانی خۆیان بوو وتی: ئەی خزمەکانم، خوا بپەرستن و بەگوێی ئەو بکەن، خوایەکی ترتان نیە جگە لەو، ئێوە ڕاست ناکەن (کە دەڵێن خوا هاوڕێی هەیەو شەریکی بۆ بڕیار دەدەن).

يَا قَوْمِ لا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِنْ أَجْرِيَ إِلاَّ عَلَى الَّذِي فَطَرَنِي أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (51)

خزمەکانم من لەسەر ئەم کارو بانگەوازە خواییەی کە بە ئێوەی ڕادەگەیەنم کرێ و پاداشتێکم لە ئێوە ناوێ، کرێ و پاداشتم لە سەر بەدیهێنەرمە من فەرمانی ئەو ئەنجام دەدەم، ئایا بیر ناکەنەوەو تێ ناگەن.

وَيَا قَوْمِ اسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ يُرْسِلِ السَّمَاء عَلَيْكُم مِّدْرَارًا وَيَزِدْكُمْ قُوَّةً إِلَى قُوَّتِكُمْ وَلاَ تَتَوَلَّوْاْ مُجْرِمِينَ (52)

ئەی خزمەکانم داوای لێ خۆش بوون لە پەروەردگارتان بکەن، ئەمجا وازبێنن (لە گوناهی ڕابردوو)، بگەڕێنەوە بۆلای خوا، لە ئاسمانەوە بارانی زۆرتان بۆ دەبارێنێ، هیزو دەسەڵاتتان بۆ زیاد دەکات لە هێزو دەسەڵاتی ئاسایی خۆتان، ڕوو وەرمەگێڕن لەم باس و ئامۆژگاریانە نەوەک بەهۆیەوە بچنە ڕیزی تاوانبارانەوە.

قَالُواْ يَا هُودُ مَا جِئْتَنَا بِبَيِّنَةٍ وَمَا نَحْنُ بِتَارِكِي آلِهَتِنَا عَن قَوْلِكَ وَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ (53)

وتیان ئەی (هود) بەڵگەیەکی زۆر ڕۆشنت بۆ نەهێناوین تا بەتەواوی قەناعەت بکەین (کە تۆ پێغەمبەری خودایت)، ئێمە واز لە خواکانی خۆمان ناهێنین لەبەر قسەیەکی تۆ، ئێمە ئیمان و بڕوامان نیە بە ڕاستی تۆ.

إِن نَّقُولُ إِلاَّ اعْتَرَاكَ بَعْضُ آلِهَتِنَا بِسُوَءٍ قَالَ إِنِّي أُشْهِدُ اللّهِ وَاشْهَدُواْ أَنِّي بَرِيءٌ مِّمَّا تُشْرِكُونَ (54)

ئێمە ئەوەندە دەڵێین کە هەندێ لە خواکانمان زیانیان پێ گەیاندویت س سەرت لێ تێکچووە!! هود وتی: دەی من خوا دەکەم بە شایەت و ئێوەش بە شایەت بن کە من بەریم (لەو شتانەی) ئێوە دەیکەنە شەریک و هاوەڵ (بۆ خوا).

مِن دُونِهِ فَكِيدُونِي جَمِيعًا ثُمَّ لاَ تُنظِرُونِ (55)

جگە لە خوا (پەرستنی هیچ شتێکی تر ڕەوات نیە) ئینجا وەرن هەمووتان کۆببنەوەو نەخشە بکێشن بۆ لەناو بردنم، هیچ مۆڵەتیشم مەدەن.

إِنِّي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللّهِ رَبِّي وَرَبِّكُم مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (56)

من پشت و پەنام خوایەو پشتم بەو بەستووە، پەروەردگاری منیش و ئێوەشە، هەر گیانلەبەرێک لەم بوونەوەرەدا هەبێت خوای گەورە دەسەڵاتی هەیە بەسەریداو جڵەوی بەدەست ئەوە، بێگومان پەروەردگارم لەسەر حەق و ڕێبازێکی ڕاست و دروستە.

فَإِن تَوَلَّوْاْ فَقَدْ أَبْلَغْتُكُم مَّا أُرْسِلْتُ بِهِ إِلَيْكُمْ وَيَسْتَخْلِفُ رَبِّي قَوْمًا غَيْرَكُمْ وَلاَ تَضُرُّونَهُ شَيْئًا إِنَّ رَبِّي عَلَىَ كُلِّ شَيْءٍ حَفِيظٌ (57)

ئەگەر ئێوە گوێم بۆ نەگرن و پشت بکەنە ئەم بەرنامەیە، ئەوا من پێم ڕاگەیاندن ئەو بەرنامەو پەیامە خواییەی پیاما نێردراوە بۆتان، وە پەروەردگارم ئێوە لەناو دەبات و هۆزێکی تر دەخاتە شوێنی ئێوە، ئێوە ناتوانن هیچ زیانێك بەو بگەیەنن بەڕاستی پەروەردگاری من بەسەر هەموو شتێکدا چاودێرو بەتوانایە.

وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ (58)

کاتێك فەرمانی ئێمە هات (کە بڕیاری تیاچوونی هۆزی (عاد) بوو)، هودو ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵ ئەودا بوون ڕزگارمان کردن بەهۆی بەزەیی و لێبوردەیی خۆمانەوە، ڕزگارمان کردن لە سزایەکی زۆر قورس و گران.

وَتِلْكَ عَادٌ جَحَدُواْ بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْاْ رُسُلَهُ وَاتَّبَعُواْ أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ (59)

بەڵێ ئەوە هۆزی (عاد) بوو، بێ باوەڕ بوون و ئیمانیان نەهێنا بە بەرنامەی پەروەردگاریان، لایاندا لە فەرمانی پێغەمبەرانی خواو شوێنی فەرمانی هەموو زۆردارو سەرسەختێ و خوانەناسێك كەوتن.

وَأُتْبِعُواْ فِي هَذِهِ الدُّنْيَا لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلا إِنَّ عَادًا كَفَرُواْ رَبَّهُمْ أَلاَ بُعْدًا لِّعَادٍ قَوْمِ هُودٍ (60)

هەر لەم جیهانەدا نەفرین لێكراو بوون و دوور بوون لە بەزەیی خوا، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەر نەفرین لێكراو دەبن، ئاگادار بن كە هۆزی (عاد) بێ باوەڕ بوون و بێ وەفاییان دەربڕی بەرامبەر پەروەردگاریان، ئاگاداربن كە دووریی و بێ نرخیی بۆ هۆزی (عاد)ی قەومی (هود علیه السلام).

وَإِلَى ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَالِحًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَاسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي قَرِيبٌ مُّجِيبٌ (61)

بۆ هۆزی (ثمود)یش (صالح)ی براو (خزمیانمان) ڕەوانە كرد، وتی: ئەی خزمەكانم گوێڕایەڵی خوای گەورە بكەن جگە لەو (زاتە) هیچ خوایەكی ترتان نیە، ئەو بەرپای كردوون لەم زەویەدا، داوای لێكردوون ئاوەدانی بكەنەوە، بەكاری هێناون تیایدا، كەوابوو داوای لێخۆشبوونی لێ بكەن ئینجا بگەڕێنەوە بۆلای و فەرمانەكانی بەجێ بێنن و واز بێنن لە كرداری خراپە، بەڕاستی پەروەردگاری من زۆر نزیكەو نزاكانتان گیرا دەكات.

قَالُواْ يَا صَالِحُ قَدْ كُنتَ فِينَا مَرْجُوًّا قَبْلَ هَـذَا أَتَنْهَانَا أَن نَّعْبُدَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا وَإِنَّنَا لَفِي شَكٍّ مِّمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ مُرِيبٍ (62)

خەڵكەكە وتیان: ئەی (صالح) بەڕاستی پێش ئەم باسانەت تۆ لەناو ئێمەدا شوێنی هیوامان بووی، ئایا بەرگری ئەوەمان لێ دەكەیت كە شوێن شتێ بكەوین كە باوان و باپیرانمان شوێنی كەووتن و پەرستوویانن، ئێمە بە گومانین لەوەی تۆ بانگی ئێمە دەكەی بۆلای بەدبینین لێی!!

قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَى بَيِّنَةً مِّن رَّبِّي وَآتَانِي مِنْهُ رَحْمَةً فَمَن يَنصُرُنِي مِنَ اللّهِ إِنْ عَصَيْتُهُ فَمَا تَزِيدُونَنِي غَيْرَ تَخْسِيرٍ (63)

صالح وتی: ئەی خزمەكانم ئەگەر منتان بینی لەسەر ڕێگەو باسێكی ڕوون و ئاشكرا بووم لەلایەن پەروەردگارمەوە، ڕەحمەتی تایبەتیشی پێ بەخشیوم، باشە كێ یارمەتیم دەدات و لە سزای خوا ڕزگارم دەكات ئەگەرلە فەرمانی لامداو

پەیامەکەیم بە ڕێک و تەواوی نەگەیاند، ئێوە بەم (هەڵوێستەتان) جگە لە خەسارەتمەدیی بۆ من هیچ سوودێکی ترم پێ باگەیەنن.

وَيَا قَوْمِ هَذِهِ نَاقَةُ اللّهِ لَكُمْ آيَةً فَذَرُوهَا تَأْكُلْ فِي أَرْضِ اللّهِ وَلاَ تَمَسُّوهَا بِسُوءٍ فَيَأْخُذَكُمْ عَذَابٌ قَرِيبٌ (64)

ئەی خزمەکانم ئەمە وشترەکەیە کە خوا بە (معجزة) دروستی کردو کردوویەتی بە بەڵگەیەکی گەورەو ئاشکرا بۆ ئێوە (لەسەر دەسەڵاتی گەورەو ئاشکرا بۆ ئێوە (لەسەر دەسەڵاتی خۆیی و ڕاستی پێغەمبەرێتی من)، وازی لێ بێنن با لە زەوی خوادا بلەوەڕێت، بە نیازی خراپەوە دەستی بۆ نەبەن ئەگینا سزایەکی نزیک تووشتان دەبێت.

فَعَقَرُوهَا فَقَالَ تَمَتَّعُواْ فِي دَارِكُمْ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ ذَلِكَ وَعْدٌ غَيْرُ مَكْذُوبٍ (65)

کەچی سەریان بڕی، (صالح)یش پێی وتن: (تەمەنی درێژتان) و ڕابواردنتان تەنها سێ ڕۆژە، لە شوێنەکانی خۆتاندا (دوای ئەو ماوە دیاریکراوە تیا دەچن)، ئەوەش پەیمانێکەو هەرگیز بەدرۆ ناخرێتەوە.

فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا صَالِحًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَمِنْ خِزْيِ يَوْمِئِذٍ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ الْقَوِيُّ الْعَزِيزُ (66)

کاتێ فەرمانی ئێمە هات لەکاتی دیاریکراودا صالح و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیا ڕزگارمان کردن بە میهرەبانی و بەزەیی خۆمان، لە سەرشۆڕیی ئەو ڕۆژە پەنامان دان، بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی خاوەنی دەسەڵاتەو هەرچی بیەوێ دەیکات.

وَأَخَذَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (67)

ئەو دەنگە سامناکەی کە بوە هۆی تیاچوونیان هەموو ئەوانەی گرتەوە کە تاوانیان کردو بەگوێی پەروەردگاریان نەکرد، هەموویان لە شوێنەکانی خۆیاندا کەوتن بەڕووی زەویداو تیاچوون.

كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ إِنَّ ثَمُودَ كَفرُواْ رَبَّهُمْ أَلاَ بُعْدًا لِّثَمُودَ (68)

وەک ئەوەی کە هەر لەو شوێنەدا نەبووبن و نەژیابن، ئاگادارین هۆزی (ثمود) بێ بڕواو بێ وەفا بوون بە پەروەردگاریان، ئاگادار بن بڕیاری دووریی لە بەزەیی خوا، درا بۆ هۆزی (ثمود)یش.

وَلَقَدْ جَاءتْ رُسُلُنَا إِبْرَاهِيمَ بِالْبُشْرَى قَالُواْ سَلاَمًا قَالَ سَلاَمٌ فَمَا لَبِثَ أَن جَاء بِعِجْلٍ حَنِيذٍ (69)

بێگومان وەفدێکی فریشتە هاتە لای ئیبراهیم بەمژدەوە (مژدەی بوونی منداڵێك)، وتیان: سەڵاوی خوات لێبێت، ئەمیش وتی: سڵاوی خوا لە ئێوەش، (دوای بەخێرهاتینیان ڕۆشت و) زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە بە گۆشتی گوێرەکەیەکی برژاوەوە.

فَلَمَّا رَأَى أَيْدِيَهُمْ لاَ تَصِلُ إِلَيْهِ نَكِرَهُمْ وَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُواْ لاَ تَخَفْ إِنَّا أُرْسِلْنَا إِلَى قَوْمِ لُوطٍ (70)

کاتێ (ئیبراهیم) بینی دەستی بۆ نابەن، پێی ناخۆش بوو، گومانی خراپی لێ کردن، لەدڵی خۆیدا لێیان ترسا، ئەوانیش هەستیان پێ کردو پێیان وت: مەترسە، ئێمە نێردراوین بۆلای قەومەکەی لوط.

وَامْرَأَتُهُ قَآئِمَةٌ فَضَحِكَتْ فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِن وَرَاء إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (71)

خێزانی پێغەمبەر ئیبراهیم وەستابوو (لەخۆشی مژدەکە)، (خوای گەورە فەرمووی) ئێمەش مژدەمان دایە کە (ئیسحاق)ت پێ دەبەخشین وە لەدوای ئەویش (یەعقوب، لەنەوەی ئیسحاق دەبێت).

قَالَتْ يَا وَيْلَتَى أَأَلِدُ وَأَنَاْ عَجُوزٌ وَهَذَا بَعْلِي شَيْخًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عَجِيبٌ (72)

خێزانی ئیبراهیم پێغەمبەر وتی: (شەرمەزار خۆم) چۆن منداڵم دەبێت من پیر بووم و ئەمەش مێردەکەمە، پیرو بەساڵا چووە، بەڕاستی ئەمە شتێکی سەر سوڕهێنەرە.

قَالُواْ أَتَعْجَبِينَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ رَحْمَتُ اللّهِ وَبَرَكَاتُهُ عَلَيْكُمْ أَهْلَ الْبَيْتِ إِنَّهُ حَمِيدٌ مَّجِيدٌ (73)

فریشتەکان وتیان: ئایا سەرت سوڕ دەمێنێ لە فەرمان و کاری خوا، ڕەحمەت و بەرەکەتی خواتان لێ بێت ئەی خێزان و ماڵی پێغەمبەر، بێگومان خوای گەورە کاری وا دەکات هەمیشە سوپاسکراوەو خاوەنی بەرزی و دەسەڵاتیشە.

فَلَمَّا ذَهَبَ عَنْ إِبْرَاهِيمَ الرَّوْعُ وَجَاءتْهُ الْبُشْرَى يُجَادِلُنَا فِي قَوْمِ لُوطٍ (74)

کاتێ ترسەکە لەدڵی ئیبراهیم دەرچوو (هێمن بۆوە)، مژدەکەشی پێدرا، دەستی کرد بە باسکردن و موجادەلە دەربارەی قەومی (لوط).

إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَحَلِيمٌ أَوَّاهٌ مُّنِيبٌ (75)

بەڕاستیی ئیبراهیم زۆر لەسەرخۆو غەمخوارو گەڕاوەیە بۆلای خوا.

يَا إِبْرَاهِيمُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا إِنَّهُ قَدْ جَاء أَمْرُ رَبِّكَ وَإِنَّهُمْ آتِيهِمْ عَذَابٌ غَيْرُ مَرْدُودٍ (76)

(فریشتەکان وتیان): ئەی ئیبراهیم وازبێنە لەوباس و کێشەیە، بێگومان پەروەردگارت فەرمانی داوەو (کار تەواو بووە)، بەڕاستی سزایان بۆهاتووەو ناگەڕێتەوە.

وَلَمَّا جَاءتْ رُسُلُنَا لُوطًا سِيءَ بِهِمْ وَضَاقَ بِهِمْ ذَرْعًا وَقَالَ هَذَا يَوْمٌ عَصِيبٌ (77)

کاتێ وەفدی فریشتەکانی ئێمە هاتە لای (لوط)، ناڕەحەت بوو پێیان، زۆر دڵتەنگ بوو چونکە لە شێوەی چەند لاوێکی پێکەوتوودا هاتن بە میوانی ئەمیش ئەیزانی هۆزەکەی شەڕیان پێ ئەگێڕن و خوڕەوشتیان خراپەو ناشتوانێ بەرگریان لێ بکات لەبەر ئەوە (لەدڵی خۆیدا) وتی: ئەمە ڕۆژێکی سەختە (منی تێ کەوتوم).

وَجَاءهُ قَوْمُهُ يُهْرَعُونَ إِلَيْهِ وَمِن قَبْلُ كَانُواْ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ قَالَ يَا قَوْمِ هَؤُلاء بَنَاتِي هُنَّ أَطْهَرُ لَكُمْ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَلاَ تُخْزُونِ فِي ضَيْفِي أَلَيْسَ مِنكُمْ رَجُلٌ رَّشِيدٌ (78)

جا هۆزەکەی بە بیستنی هاتینی ئەم میوانانە بە پەلەو (بێ شەرمانە) هاتنە لای، پێشتریش کاری خراپیان دەکرد، (کاتێك لوط ئەم دیمەنە ناشرینەی دی) وتی: ئەی خزمەکانم ئەمە کچەکانمەو پاک و خاوێنن بۆ ئێوە (وەرن لەناو هۆزدا کێتان بەدڵە بە شێوەیەکی شەرعی و ڕەوا لێتان مارە دەکەم)، لە خوا بترسن، شەرمەزاری لای میوانەکانم مەکەن، ئایا پیاوێکی ژیرو عاقڵتان تیا نیە (کە لە کاری ئاوا ناڕەوا جڵەوگیری بکات).

قَالُواْ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا لَنَا فِي بَنَاتِكَ مِنْ حَقٍّ وَإِنَّكَ لَتَعْلَمُ مَا نُرِيدُ (79)

ئەوانیش (بێشەرمانە) وتیان: بەڕاستی تۆ دەزانی ئێمە حەقێکمان نیە بە کچەکانی تۆوە، بێگومان دەشزانی ئێمە چیمان دەوێت.

قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ (80)

لوط وتی: ئای ئەگەر هێزێکم دەبوو بۆ بەرامبەریتان، یان پەنایەکی بەهێزم دەست دەکەوت و دەرۆیشتم بۆی (تا تۆڵەتان لێ بکەمەوە).

قَالُواْ يَا لُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُواْ إِلَيْكَ فَأَسْرِ بِأَهْلِكَ بِقِطْعٍ مِّنَ اللَّيْلِ وَلاَ يَلْتَفِتْ مِنكُمْ أَحَدٌ إِلاَّ امْرَأَتَكَ إِنَّهُ مُصِيبُهَا مَا أَصَابَهُمْ إِنَّ مَوْعِدَهُمُ الصُّبْحُ أَلَيْسَ الصُّبْحُ بِقَرِيبٍ (81)

میوانەکانی وتیان: ئەی (لوط) ئێمە فریشتەی نێراوی پەروەردگاری تۆین (ئەو تاوانبارانە ناگەنە لای ئێمەو) تۆ منداڵەکانت بە شەو دەرکە، کەستان لانەکاتەوەو ئاوڕ نەداتەوە، بەڵام هاوسەرەکەت کە لاسارەو بەگوێت ناکات، ئەوە تووشی ئەو سزایە دەبێت کە تاوانباران تووشیان دەبێت، بەڕاستی کاتی سزاکەشیان لەسەر لەبەیانی دایە، ئایا بەیانی نزیک نیە؟.

فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ (82)

کاتێ فەرمانی ئێمە (بەتیاچونیان) دەرچوو (شارۆچکەکەیانمان) ژێرەوژوور کرد، وە بە قوڕی سوورەوەکراوی وەک بەرد لێهاتوو چین لەسەر چێن بەردبارانمان کرد.

مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَ وَمَا هِيَ مِنَ الظَّالِمِينَ بِبَعِيدٍ (83)

هەموو ئەو بەردانەی دیاری کراو بوون، لەلایەن پەروەردگارتەوە (کە بدا بەسەر تەوقە سەری کێدا) ئەم کارەساتەو ئەم بەرد بارانە وەنەبێ دوور بێ لەستەمکارانەوە (لە هەموو سەردەمێکدا).

وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ وَلاَ تَنقُصُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ إِنِّيَ أَرَاكُم بِخَيْرٍ وَإِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ مُّحِيطٍ (84)

بۆلای خەڵکی (مەدیەن)یش براو کەسی خۆیان (شوعەیب)مان بە پێغەمبەرێتی ڕەوانە کرد، ئەویش وتی: ئەی خزمەکانم بەگوێی خوای گەورە بکەن خوایەکی ترتان نیە جگە لەو، کەم وکوڕی مەکەن لە پێوانەو کێشانەدا، من بەچاک دەتانبینم و ڕزق و ڕۆزیتان باشەو لەخۆشیدان، من دەترسم ئەگەر ئێوە

لەفەرمانی خوا دەرچن ئێوە تووشیٚ سزای ڕۆژێ ببن کە دەورتان بدات و لێی ڕزگار نەبن.

وَيَا قَوْمِ أَوْفُواْ الْمِكْيَالَ وَالْمِيزَانَ بِالْقِسْطِ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ (85)

ئەی قەوم و خزمەکانم با پێوان و کێشانتان تێرو تەواو بێت و دادپەروەرانە ئەنجامی بدەن، شتی خەڵکی کەم نرخ مەکەن و (فێڵیان لێ مەکەن)، خراپەکاری بڵاومەکەنەوە لەناو زەویدا.

بَقِيَّةُ اللّهِ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ وَمَا أَنَاْ عَلَيْكُم بِحَفِيظٍ (86)

ئەوەی خوای گەورە بۆتان دیٚڵێتەوە لە قازانج و حەڵاڵی کردووە بۆتان ئەوە چاکترە لە زۆری حەرام، ئەگەر ئێوە ئیماندار بن، من لێپرسراو نیم بەرانبەر ئێوە (بەڵکو حەق و ڕاستیتان پێ ڕادەگەیەنم).

قَالُواْ يَا شُعَيْبُ أَصَلاَتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاء إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ (87)

خەڵکەکە وتیان: ئەی (شوعەیب) ئایا نوێژەکەت فەرمانت پێ دەکات کە ئێمە وازبێنین لەوەی باو و باپیرانمان پەرستوویانن، یاخود لەماڵ و سامانماندا بە ئارەزووی خۆمان چیمان بوێ بیکەین؟ بەڕاستی تۆ زۆر هێمن و خاوەن ژیریت؟! (وا دیارە گاڵتەیان پێکردووە، یان قەناعەتیان بە ژیری و لەسەرخۆیی بووەو سەریان سوڕماوە لەوەی دەیەوێ لەداب و نەریتی باوو باپیران دەرچێت).

قَالَ يَا قَوْمِ أَرَأَيْتُمْ إِن كُنتُ عَلَىَ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّي وَرَزَقَنِي مِنْهُ رِزْقًا حَسَنًا وَمَا أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَى مَا أَنْهَاكُمْ عَنْهُ إِنْ أُرِيدُ إِلاَّ الإِصْلاَحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلاَّ بِاللّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ (88)

(شوعەیب) وتی: ئەی قەوم و خزمەکانم ئەگەر منتان بینی و بۆتان دەرکەوت کە لەسەر بەرنامەیەکی ڕێك و ڕۆشنم لەلایەن پەروەردگارمەوە، وە هەر لەلایەن ئەویشەوە ڕزق و ڕۆزیی باش و ماڵ و سامانی زۆرم هەیە، من نامەوێ قەدەغەی شتێکتان لێ بکەم کەچی خۆم وەك ئێوە نەکەم (چی بە ئێوە بگەیەنم خۆم لە پێشا ئەنجامی دەدەم) من تەنها چاکەخوازیم دەوێت، بەگوێرەی توانام،

من بەردەوام تەوفیق و یارمەتی و سەرکەوتوییم تەنها لەلایەن خواوەیە، پشت و پەنام تەنها ئەوەو تەنها بۆلای ئەو دەگەڕێمەوە.

وَيَا قَوْمِ لاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شِقَاقِي أَن يُصِيبَكُم مِّثْلُ مَا أَصَابَ قَوْمَ نُوحٍ أَوْ قَوْمَ هُودٍ أَوْ قَوْمَ صَالِحٍ وَمَا قَوْمُ لُوطٍ مِّنكُم بِبَعِيدٍ (89)

ئەی قەوم و خزمانم ناکۆکیی و دژایەتیتان لەگەڵ مندا، واتان لێ بەکات (ئەو ئایین و بیروباوەڕەی هێناومە لەلایەن خواوە بە درۆی بخەنەوەو)، ئەو کاتە ئەوەی تووشی هۆزی نوح و هودو صالح بوو تووشی ئێوەش ببێت، خۆ هۆزی لوط ی (ماڵ کاول) لێتانەوە دوور نیە.

وَاسْتَغْفِرُواْ رَبَّكُمْ ثُمَّ تُوبُواْ إِلَيْهِ إِنَّ رَبِّي رَحِيمٌ وَدُودٌ (90)

هەر بۆیە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارتان بکەن و واز بێنن لە تاوان و خراپەکاری و بگەڕێنەوە بۆلای خوا، بێگومان پەروەردگاری من زۆر بە بەزەیی و میهرەبانە، زۆر بەسۆزو دلۆڤانە.

قَالُواْ يَا شُعَيْبُ مَا نَفْقَهُ كَثِيرًا مِّمَّا تَقُولُ وَإِنَّا لَنَرَاكَ فِينَا ضَعِيفًا وَلَوْلاَ رَهْطُكَ لَرَجَمْنَاكَ وَمَا أَنتَ عَلَيْنَا بِعَزِيزٍ (91)

(خزمانی نالەبار) وتیان: ئەی (شوعەیب) ئێمە تێناگەین لە زۆربەی ئەو باسانەی تۆ دەیکەیت، ئێمە تۆ بە لاواز دەبینین لەناو خۆماندا (وا دەزانین ناتوانی بەرەنگاری ئەم هەموو خەڵکە بکەیت، ئەمەی تۆ باسی دەکەیت پێویستی بە هێزو توانایەکی زۆر هەیە)، ئەگەر خزمەکانت نەبوایە بەردبارانمان دەکردیت، وەنەبێ تۆ هیچ تواناو دەسەڵاتێکت هەبێ بەسەرماندا.

قَالَ يَا قَوْمِ أَرَهْطِي أَعَزُّ عَلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَاتَّخَذْتُمُوهُ وَرَاءكُمْ ظِهْرِيًّا إِنَّ رَبِّي بِمَا تَعْمَلُونَ مُحِيطٌ (92)

(شوعەیب) وتی: ئەی هۆزو خزمەکانم ئایا کەسوکارم بەلای ئێوەوە بەتواناو دەسەڵاتدارترە لەخوا، لەکاتێکدا ئەو زاتەتان فەرامۆشکردووەو گوێ نادەن بە فەرمانەکانی، بەڕاستی پەروەردگارم ئاگادارە بەوەی ئێوە ئەنجامی دەدەن.

وَيَا قَوْمِ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنِّي عَامِلٌ سَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن يَأْتِيهِ عَذَابٌ يُخْزِيهِ وَمَنْ هُوَ كَاذِبٌ وَارْتَقِبُواْ إِنِّي مَعَكُمْ رَقِيبٌ (93)

ئەی هۆزو خزمانم ئێوە کاری خۆتان بکەن چەندە تواناتان هەیە، منیش کاری خۆم لەسەر بەرنامەی خۆم ئەنجام دەدەم، لەمەولا دەردەکەوێ و دەزانن کێ سزای بۆ دێت و سەرشۆڕی دەکات، کێیش درۆزنە، ئێوە چاوەڕێ بن منیش لەگەڵتان چاوەڕێ دەبم.

وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا شُعَيْبًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مَّنَّا وَأَخَذَتِ الَّذِينَ ظَلَمُواْ الصَّيْحَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دِيَارِهِمْ جَاثِمِينَ (94)

جا کاتێ فەرمانی ئێمە دەرچوو بە تیاچوونیان، (شوعەیب) و ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەگەڵیا بەهۆی بەزەیی و لوتفی خۆمان ڕزگارمان کردن، وە دەنگ و نرکەی تیاچوون تاوانکارو بێ بڕواکانی گرتەوەو هەموویان لە شوێن و دەوروبەری خۆیان تیاچوون و مردن و بەچۆکا هاتن.

كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا أَلاَ بُعْدًا لِّمَدْيَنَ كَمَا بَعِدَتْ ثَمُودُ (95)

هەروەک لەوێ نەژیابن، دەی مەدیەن لەولاتر چێ هەروەک (ثمود) لەوەولاتر چوو.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (96)

بێگومان موسا پێغەمبەرمان نارد بە بەڵگەو بە بەرنامەی دروستەوە، هاوڕێ لەگەڵ شتی سەرسوڕهێنەری ئاشکرادا.

إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَاتَّبَعُواْ أَمْرَ فِرْعَوْنَ وَمَا أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ (97)

بۆلای فیرعەون و داروودەستەی، ئەوان شوێن فەرمانی فیرعەون کەوتن، لە کاتێکدا کە کارو فەرمانی فیرعەون هەرگیز ڕاست و دروست نیە.

يَقْدُمُ قَوْمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَوْرَدَهُمُ النَّارَ وَبِئْسَ الْوِرْدُ الْمَوْرُودُ (98)

لەڕۆژی قیامەتیشدا پێش قەوم و شوێنکەوتووانی دەکەوێت و دەیانباتە سەر ئاگری دۆزەخ، بێگومان ئەوە سەردانێکی ناخۆشە ئەوانەش کە دەچنە ناوی کەسانێکی خراپ و ناپوختن.

وَأُتْبِعُواْ فِي هَذِهِ لَعْنَةً وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ بِئْسَ الرِّفْدُ الْمَرْفُودُ (99)

لەم دنیادا نەفرین و دەنگ و باسی خراپ هەمیشە بەشوێنیانەوەیە، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتیشدا (بەشیان هەر بێ بەشیە لە ڕەحم و بەزەیی خوا)، (بەڕاستی زۆر ناباشە ئەو حاڵەی کە تیی کەوتوون.

ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْقُرَى نَقُصُّهُ عَلَيْكَ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ (100)

ئەمەی کە باس کرا لە هەواڵەکانی خەڵکی ئەو شارو شارۆچکانەی بۆمان گێڕایتەوە، هەندێك لەو شارو دێهاتانە ماون و هەندێکی تری وێران بوون.

وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَكِن ظَلَمُواْ أَنفُسَهُمْ فَمَا أَغْنَتْ عَنْهُمْ آلِهَتُهُمُ الَّتِي يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ مِن شَيْءٍ لِّمَّا جَاء أَمْرُ رَبِّكَ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ (101)

وەنەبێ ئێمە ستەممان لێکردبن، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کرد، ئیتر ئەو پەرستراوانەیان کە لە جیاتی خوا هاواریان لێ دەکردن فریایان نەکەوت، کاتێ فەرمانی پەروەردگاری تۆ هات، بێجگە لە تیاچوون هیچی ترتان بۆ زیاد بەدەست نەهێنان.

وَكَذَلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَا أَخَذَ الْقُرَى وَهِيَ ظَالِمَةٌ إِنَّ أَخْذَهُ أَلِيمٌ شَدِيدٌ (102)

ئابەو شێوەیە تۆڵەسەندنی پەروەردگاری تۆ کاتێ کە تۆڵە دەسێنێ لە خەڵکی شارو دێهاتەکان لە حاڵێکا کە یاخی بووبن و زوڵم و ستەمکار بن، بەڕاستی تۆڵەسەندنەکەی زۆر بەئێش و بە هێزە.

إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ الآخِرَةِ ذَلِكَ يَوْمٌ مَّجْمُوعٌ لَّهُ النَّاسُ وَذَلِكَ يَوْمٌ مَّشْهُودٌ (103)

بێگومان لەم بەسەرهاتەدا نیشانەو پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسێ ترسی سزای ڕۆژی دوایی هەبێت، ئەوە ڕۆژێکە خەڵکی بۆی کۆدەبێتەوە، وە ئەوە ڕۆژێکی زۆر بێدەنگ و باسدارەو خەڵکی هەموو ئامادە دەکرێت (بۆ لێپرسینەوە).

وَمَا نُؤَخِّرُهُ إِلاَّ لِأَجَلٍ مَّعْدُودٍ (104)

ئێمە بەرپابوونی ئەو ڕۆژە دواناخەین مەگەر بۆ کاتێکی کەم نەبێت.

يَوْمَ يَأْتِ لاَ تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ (105)

ئەو ڕۆژەی کە ئەو ڕووداوە پێش دێ مەگەر خوای گەورە مۆڵەت بدات، ئەگینا کەس بۆی نیە قسە بکات.

فَأَمَّا الَّذِينَ شَقُواْ فَفِي النَّارِ لَهُمْ فِيهَا زَفِيرٌ وَشَهِيقٌ (106)

ئەوانەی بەدبەخت و چارەڕەشن لەناو ئاگردا، هەناسە هەڵمژین و هەناسەدانەوەیان زۆر سەخت و دژوارە.

خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ إِنَّ رَبَّكَ فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ (107)

بۆ هەمیشەش تیایدا دەمێننەوە تا ئاسمانەکان و زەوی هەبێ، مەگەر پەروەردگارت ویستی (گۆڕانکاری) هەبێت، بەڕاستی پەروەردگارت زۆر بە دەسەڵاتە لە کردنی هەر شتێکدا بیەوێ بیکات.

وَأَمَّا الَّذِينَ سُعِدُواْ فَفِي الْجَنَّةِ خَالِدِينَ فِيهَا مَا دَامَتِ السَّمَاوَاتُ وَالأَرْضُ إِلاَّ مَا شَاء رَبُّكَ عَطَاء غَيْرَ مَجْذُوذٍ (108)

ئەوانەش کە کامەرانن و بەختیارکراون دەچنە ناو بەهەشتەوە، بۆ هەتاهەتایی تیایدا دەمێننەوە هەتا ئاسمانەکان و زەوی هەبێ، مەگەر پەروەردگارت ویستی (گۆڕانکاری) هەبێت، ئەمەش بەخشێکە هەرگیز کۆتایی نایەت.

فَلاَ تَكُ فِي مِرْيَةٍ مِّمَّا يَعْبُدُ هَؤُلاء مَا يَعْبُدُونَ إِلاَّ كَمَا يَعْبُدُ آبَاؤُهُم مِّن قَبْلُ وَإِنَّا لَمُوَفُّوهُمْ نَصِيبَهُمْ غَيْرَ مَنقُوصٍ (109)

هیچ گومانت نەبێت لە پووچەڵی و بێ سوودی ئەوەی ئەو بێ بڕوایانە دەیپەرستن و شوێنی کەوتوون، ئەوەی دەیپەرستن ئەوەیە کە باوک و باپیرتان پێشتر دەیانپەرست، بێگومان ئێمە بە تێرو تەواوی بێ کەم و کوڕی پاداشتی (کاروکردەوەیان) دەدەینەوە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَاخْتُلِفَ فِيهِ وَلَوْلاَ كَلِمَةٌ سَبَقَتْ مِن رَّبِّكَ لَقُضِيَ بَيْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ (110)

بەڕاستی ئێمە بەرنامەمان بە موسا بەخشی کەچی خەڵکی بەرانبەری جیاوازبون لەبەر ئەوە نەبوایە کە خوای تۆ بڕیاری داوە (دادگاییان دوا بخات هەر) ئێستە دادگایی دەکردن و هەر گومانیان هەیەو دڵنیا نین لەڕاستیی ئەم هەواڵانە.

وَإِنَّ كُلاًّ لَّمَّا لَيُوَفِّيَنَّهُمْ رَبُّكَ أَعْمَالَهُمْ إِنَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (111)

بەڕاستی هەموو ئەوانە پەروەردگارت پاداشتی کردەوەکانیان بەتەواوی دەداتەوە، بێگومان ئەو زاتە زۆر ئاگادارە بەوەی ئەوان ئەنجامی دەدەن و دەیکەن.

فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (112)

جا چۆن فەرمانت پێ دراوە، هەروا بەڕاست و بەڕێکی بەجێیان بهێنە، هەروەها ئەو کەسانەش لەگەڵ تۆدان و گەڕاونەتەوە بۆلای خوا، نەکەن لە سنووری فەرمانی خوا دەرچن، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە زۆر بینایە بەو کردەوانەی کە دەیکەن.

وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ (113)

نەکەن لەگەڵ ئەوانەدا بن کە ستەمیان کردووەو لەخوا یاخی بوون، چونکە ئەو کاتە ئاگر دەتان سووتێنێ، کەسیش جگە لە خواو لە جیاتی خوا پشتیوانتان نابێ، لەوەدوایش یارمەتی نادرێن.

وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَلِكَ ذِكْرَى لِلذَّاكِرِينَ (114)

نوێژ بکە لە سەرەتاو کۆتایی ڕۆژدا هەروەها لەچەند کاتێکی شەودا، بەڕاستی چاکەکان کردەوە خراپەکان لادەبەن و گوناهان دەشۆنەوە، ئەم ئامۆژگاریانە بیرخەرەوەیە بۆ ئەوانەی یاداوەری وەردەگرن.

وَاصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (115)

خۆت بگرەو بەئارام بە، بێگومان خوای گەورە پاداشتی چاکەخوازان و یارمەتیدەرانی خەڵکی نافەوتێنێ.

فَلَوْلاَ كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِن قَبْلِكُمْ أُوْلُواْ بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الأَرْضِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّنْ أَنجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُواْ مَا أُتْرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجْرِمِينَ (116)

دەبوایە لەناو خەڵکی زەمانی پێش ئێوە کەسانی ژیرو دیندار هەبوایە، بەرگریان لەخراپەو توان بکردایە لە زەویدا، کەچی لەوانەی ڕزگارمان کردن کەم بوون،

(چونکە) زۆربەیان لە سنووری فەرمانی خوا دەرچون و شوێن هەواو ئارەزوو ڕابواردنی دنیایی کەوتن، ئیتر بەو کردەوە ناشرینانەیان چوونە ڕیزی تاوانبارو خراپەکارانەوە.

وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ (117)

هەرگیز پەروەردگارت بە ستەم خەڵکی شارو دێهاتەکان لەناو نابات، لەکاتێکدا خەڵکەکەی چاکەخوازو چاکەکار بن.

وَلَوْ شَاء رَبُّكَ لَجَعَلَ النَّاسَ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلاَ يَزَالُونَ مُخْتَلِفِينَ (118)

ئەگەر پەروەردگارت بیویستایە هەموو خەڵکی دەکرد بەیەك تاقم و کۆمەڵ، بەڵام بەردەوام ئەو خەڵکە جیاوازن لە نێوانی یەکتردا لە ئایین و بەرنامەو بۆچوون دا.

إِلاَّ مَن رَّحِمَ رَبُّكَ وَلِذَلِكَ خَلَقَهُمْ وَتَمَّتْ كَلِمَةُ رَبِّكَ لأَمْلأَنَّ جَهَنَّمَ مِنَ الْجِنَّةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ (119)

مەگەر ئەوانەی پەروەردگار ڕەحمی پێ کردبن، هەر بۆ ئەو مەبەستەش خوای گەورە دروستی کردوون، (واتە: بەشێوەیەك دروستی کردوون بتوانن ئازادی بیروباوەڕو بۆچوونیان هەبێت، ئینجا ڕێگەی ڕاستیان پێ بڵێ و بۆیان ڕوون بکاتەوە)، بڕیاری خوای تۆ دەرچووەو تەواو بووە، کە: دۆزەخ پڕ دەکەم لە گرۆی پەری و خەڵکی (ئەوانەی خۆیان شیاوی ئاگر دەکەن).

وَكُلاًّ نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَاء الرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِ فُؤَادَكَ وَجَاءكَ فِي هَذِهِ الْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (120)

هەموو ئەوانەی بۆمان گێڕایتەوە لە چیرۆک و هەواڵی پێغەمبەران، بۆ ئەوەیە کە دڵی تۆی پێ دابمەزرێنین و دڵنیات بکەین، دڵنیاش بە کە لەم سورەتەدا حەق و ڕاستیت بۆ هات و بۆت ڕوون کرایەوە، هەروەها ئامۆژگاری و بیرخستنەوەی باشی تیابوو بۆ ئیمانداران.

وَقُل لِّلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ اعْمَلُواْ عَلَى مَكَانَتِكُمْ إِنَّا عَامِلُونَ (121)

بڵێ بەوانەی ئیمان ناهێنن و نیازیان وایە بەگوێی تۆ نەکەن، ئێوە لە شوێنی خۆتانا کاری خۆتان بکەن و ئێمەش خەریک دەبین و کار دەکەین.

وَانتَظِرُوا إِنَّا مُنتَظِرُونَ (122)

بەردەوامیش چاوەڕێی دەرئەنجامی کاری هەردوو لا بکەن و ئێمەش چاوەڕێین.

وَلِلّهِ غَيْبُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ الأَمْرُ كُلُّهُ فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ وَمَا رَبُّكَ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (123)

تەنها خوا خۆی دەزانێ شتە غەیبی و نادیارەکان و لەناو ئاسمانەکان و زەویدا، هەموو کارو فەرمایش بۆلای ئەو زاتە دەگەڕێتەوە، دەی کەوابوو ئەو بپەرستەو بەگوێی ئەو بکە و پشت بەو ببەستە، هەرگیز خوای پەروەردگارت بێ ئاگا نیە لەوەی کە ئێوە دەیکەن و ئەنجامی دەدەن.